**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە : ١٠٤٠ لە ٢٠١٧/٣/٢٩**

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٧

## ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی نانەواخانە و سەمونخانەو شیرنەمەنی

پاڵپشت بە بڕگەی (٢) لە ماددەی شەشەم لە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :-

**ماددەی ( ١ ):-**

لایەنی دەسەڵاتدار بەپێدانی مۆڵەتی نانەواخانە و سەمونخانە و شیرنەمەنیەکان :-

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی / بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی ناوخۆ دوای بەرجەستە بوونی پێداویستیەکان .

**ماددەی ( ٢ ):-**

مەبەست لە ڕێکخستنی پرۆسەی پێدانی مۆڵەت بۆ ئەم پیشانەی سەرەوە بریتیە لە :-

**بڕگەی یەکەم :-** بەدیهێنانی داتا و زانیاری پێویست بەکار و چالاکیەکانی ئەم پیشانە لەم بوارەی کە کاری تێدا دەکەن .

**بڕگەی دووەم :-** ئاسانکردنی بەدواداچون و هەڵسەنگاندنی ئیش وکارەکانیان .

**بڕگەی سێیەم :-** زیادکردنی داهاتی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەمەبەستی گەیاندنی بە ئاستی خۆبژێوی ( التمویل الذاتی ) .

**بڕگەی چوارەم :-** وەرگرتنی ڕێکارەکانی ( اجراءات )ی پێویست بەرامبەر ئەو خاوەن پیشانەی کە سەرپێچی دەکەن .

**بڕگەی پێنجەم :-** پارێزگاری کردن لە مافی بەکاربەر ( حماية حقوق المستهلك ) .

**ماددەی ( ٣ ):-**

بەڵگەنامە پێویستەکان بۆ پێدانی مۆڵەت :-

بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە تۆمار دەکرێت .

**بڕگەی یەکەم:-** خاوەن مۆڵەت تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت وەتوانای جەستەی شیاوبێت ( القابلة البدنيه المناسبة ) .

**بڕگەی دووەم :-** پشتگیری داد نوسی هەبێت کەوا حوکم نەکرابێت لە سەر کەیسی لەکەدار بەشەرف ( ان لايكون محكوما بجريمة أو جناية مخلة بالشرف ) .

**بڕگەی سێیەم :-** ناوی بازرگانی لە ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم تۆمار بکات .

**بڕگەی چوارەم :-** بەڵگەنامەی خاوەنداریەتی دوکان یان گرێبەستی پەسەند کراو .

**بڕگەی پێنجەم:-** ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی وەربگیرێت کاتێك کە فرنیەکە ئۆتۆماتیکی بێت .

**بڕگەی شەشەم:-** پاکانەی باجی دەرامەت ساڵانە نوێکرابێتەوە .

**بڕگەی حەوتەم:-** بەدەستهێنانی مۆڵەتی تەندروستی .

**بڕگەی هەشتەم:-** خاوەن پیشەو کارمەندەکانی لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تۆمار بکرێت .

**بڕگەی نۆیەم:-**

أ- ڕووبەری دوکانی نانەواخانە لە ( ٢٥ ) م٢ کەمتر نەبێت .

ب- ڕووبەری دوکانی سەموخانەی ئۆتۆماتیك و بەرد ( ٧٥ )م٢ کەمتر نەبێت .

ت- ڕووبەری دوکانی کۆلێرە بەرۆن لە ( ٢٠ )م٢ کەمتر نەبێت .

ث- ڕووبەری دوکانی شیرنەمەنی پلە ١ لە ( ٧٥ )م٢ کەمتر نەبێت .

ج- ڕووبەری دوکانی شیرنەمەنی پلە ٢ لە ( ٥٠ )م٢ کەمتر نەبێت .

ح- ڕووبەری دوکانی شیرنەمەنی پلە٣ لە ( ٢٠ )م٢ کەمتر نەبێت .

**بڕگەی دەیەم:-**

أ- دووری نێوان نانەواخانە بۆ نانەواخانە لە درێژی ( ٢٥٠ )م کەمتر نەبێت .

ب- دووری نێوان سەموخانە بۆ سەموخانە لە درێژی ( ١٥٠ )م کەمتر نەبێت .

ت- نێوان سەموخانە بۆ نانەواخانە و کۆلێرە بەرۆن ئاساییە ئەگەر نزیك یەکتربن .

**بڕگەی یازدە:** سەقفی نانەواخانە و سەموخانە و شیرینەمەنیەکان پێویستە بە کۆنکریت داپۆشرا بێت .

**بڕگەی دوازدە:-** بەمەبەستی پارێزگاری کردنی پاکو خاوێنی پێویستە دوکانی سەموخانە و نانەواخانە و شیرینەمەنیەکان پێشەوەی دوکانەکانیان (واجیهە) جامخانەکان لە سەر شێوازی نوێ مۆدێرن بێت .

**بڕگەی سێزدە:-** بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە تەندروستی هاووڵاتیان پێویستە هەویر شێلەکان (عجانە) بەماتۆری کارەبا کاربکات نەك بە ماتۆری بەنزین .

**بڕگەی چواردە:-** دانیشتوانی قەزا و ناحیەکان پێویستە پشتگیری یەکەی ئیدارییان هەبێت .

**بڕگەی پانزە:-** خاوەن مۆڵەت خۆی یان بریکاری گشتی ئامادە بێت .

**بڕگەی شانزە:-** لە کاتی گواستنەوەی شوێن دووبارە کەشفی بۆ بکرێت وە مەرجەکانی فەراهام بێت .

**بڕگەی حەڤدە:-** نانەواخانەی ئۆتۆماتیکی خولاو(دوار) دەتوانن کۆلێرە بەرۆن دروست بکەن .

**بڕگەی هەژدە:-** ئەو نانەواخانە و سەموخانە و شیرنەمەنیانەی کە لە گەرەك و لادێیەکانی کە تاپۆیان بۆ نەکراوە دەبێ پشتگیری شارەوانی هەبێت .

**ماددەی ( ٤ ):-**

لە کاتی گۆرینی مۆڵەتی نانەواخانە و سەموخانە و شیرنەمەنی :-

ئەم بەڵگانەی لای خوارەوە پێشکەش بکات :-

أ-  داواكاری كڕیار و فرۆشیار بۆ بەڕێوەبەرایەتی دروستكراوی دانەوێلە پێشكەش بكرێت .

ب- گرێبەستی پەسەند كراو لەلایەن دادنووس پێشكەش بكرێت .

ت- پاكانەی هەردوولا لە باجی دەرامەت پێشكەش بكرێت .

ث- گرێبەستی نوێی بەكرێ گرتنی مولكی شوێنەكە پێشكەش بكرێت وە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت پەسەند كرابێت .

ج- مۆڵەتی تەندروستی پێشكەش بكات .

ح- كڕیار خۆی و كارمەندەكانی لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری كۆمەڵایەتی تۆماربكات .

**ماددەی ( ٥ ):-**

لەكاتی گواستنەوەی بۆ میرات گران :-

ئەم بەڵگانەی لای خوارەوە پێشكەش بكات :-

أ-  داواكاری میرات گران .

ب- قسام شرعی

ت- شهادەی وەفات

ث- (حجة الوصایة) لەكاتی هەبوونی منداڵی بچووك (قاصر)

ج- ڕازی بوونی یان تخویلی میراتگران بۆ یەكێك بۆ ئیدارەدانی چالاكییەكە .

ح- مۆلەتی تەندروستی  پێشكەش بكات .

خ- میراتگرەكە لە دەستەبەری كۆمەڵایەتی  تۆمار بكات .

**ماددەی ( ٦ ):-**

لە كاتی پێدانی مۆڵەت پێویستە پەیڕەوی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٧)ی ساڵی ٢٠١٦ بكرێت .

**ماددەی ( ٧ ):-**

كار بە هیچ ڕێنماییەك ناكرێت كە ناكۆك بێت لەگەڵ ماددە و بڕگەكانی ئەم ڕێنماییە .

**ماددەی ( ٨ ):-**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەكرێت لە ڕۆژی دەرچوونی .

**د.علی سندی**

**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بەوەكالەت**